# له سلیمانی قەلا سیاسیەکەی ی.ن.ك بچوکترین مافی مرۆڤ نیه

وەرن خەلکینه تەماشاکەن بزانن ئەم پالەوانانەی دەسەڵاتی ئەمڕۆی سلێمانی چۆن ئەم شاره بەڕێوه دەبەن من دەلێم ئێمه باشترین چانسمان هەیه کەشارەکەمان نزیك دەریا یاخود له شوێنێکدا نیه که کارەساتی سروشتی لێبێت ئەگەر لەو شوێنانەدا بوینایه بڕواتان بێت ئەبوایه تەنها چاوەڕیی خەلك بوینایه لەکاتی ڕوداوەکان بەهانامانەوه بێت ، ئەوه بۆ ماوەی دوو مانگه ئەم پیره پیاوەی که له خوارەوه وینەکەی دەرکەوتوه بڕواتان بێت فریّ دراوه تەنها خەلکی ئاسایی خواردنی دەداتیّ هەر خەلکیش ئەو کە پرەیان بۆ کردوه که تیا دەژی ئەم فس فس پاڵوانانەی که حوکمی ئەم شارەیان گرتۆته دەس هەر ئاوڕیشی لێنادەنەوه بگره لەگەل ڕێزم بۆ ئەو کابرا پیره حسابی سەگەکەی بەردەگایانی بۆ ناکەن ئەم فس قس پالەوانانه .

ئاخر ئەی پارێزگاری شاری سلیمانی پێم نالێت کاری تۆ چیه ؟ هەر بۆ ئەوه دانراویت که محاسەبەی خەلك بکەیت و لەبەر میدیاکاندا قسەی قەلەو قەلەو دەکەیت . جەنابی پارێزگا ئەگەر بلێت ئاگام لێی نیه ئەوه دیاره وەك ووتەنی له گوێی ( ) نوستویت وەئەگەر به ئاگاش بیت ئەوا گەواهی بەکەم تەرخەمی و گەندەلی خۆت دەخەیتەڕوو . ئەمەیه مافی مرۆڤ کەلەلایەن ئەمانەوه جێبەحێ دەکەن وەرن سەیری ئەو ئەزمونه مەزنه بکەن هەقه هەموو دنیا چاو له ئەزمونه مەزنەکەمان بکات تا بەتەواوی دنیا کاول بێت شتێك نەمێنێت بەناوی مافی مرۆڤەوه .





سۆران حاجی علی
سلیمانی
soran_hajeali@yahoo.com
٢٠٠٦/١٠/٤